هزر



# ژن لە هزری نیچەدا

وەرگێڕانی: شۆڕش غەفووری

jineftin.krd

هزر

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

**پێشەکی:**

لەمەڕ مێژووی فەلسەفە، کتێبی زۆرمان خوێندوەتەوە، هەر لە مێژووی فەلسەفەی کلاسیك و یۆنان و ڕۆمی کۆنەوە بگرە تا فەلسەفەی مودێرن و پۆستمودێرن و ئاوڕی تایبەتیش لە هەندێك لە بابەتەکانی دراوەتەوە و پرسیاری زۆریشمان هێناوەتە گۆڕێ، تەنانەت بە هەندێك فەیلەسووفمان هەڵگوتووە کە لەو سەردەمانەدا ژیاون، بەڵام ئایا هیچ کات بیرمان لەوە کردۆتەوە یا پرسیارمان کردووە کە بۆچی هەموو فەیلەسووفەکان پیاون؟ بۆچی لە فەلسەفە و گۆڕەپانەکانی دیکەی ژیاندا وەك ئەدەبیات، هونەر، موزیك، وێنەکێشان، سیاسەت، ئابووری، دەروونناسی... تەنها پیاوانی ناودار ئامادە بوونە کە ئەندێشە و هونەرەکەیان لە مێژوودا تۆمار کراوە و درەوشاوەتەوە؟ هەڵبەت ژنی سەرکەوتووش هەبوونە کە ناویان لە تەنیشت ناوی پیاوانەوە تومار کراوە، بەڵام ژنانی نێودار لەم پانتایانە بە بەراورد لەگەڵ پیاوان، ئەوەندە پەنجەژمێرن کە ئەتوانرێ لە ناو هێنانیان خۆش بین، بە تایبەت لە چوارچێوەی ئەم خوێندنەوەماندا، واتە فەلسەفە.

بە دیدێکی ڕەخنەگرانە لە دەقە گرینگە فەلسەفییەکاندا دەتوانرێت پەی بەوە ببرێت کە ئەم پەیڤینانە خاوەن بابەت یا ڕەگەزی بێبەر نین، لە گشت ئەم دەقانەدا زمانی ئاوەزی نێرینە دەبینینەوە کە ئاوەزدارانە لەگەڵمان دەئاخڤێت. زێدە لەمەش، ئەو دیمەنەی کە حیکایەتە فەلسەفییەکان پێشاندەری، دیمەنێکی گشتگیر و جیهانی نین، بەڵکو هەڤیازی دانی ئەزموون و بڕوایەکی تایبەتن بەسەر ئەویتردا. هەر ئەو ئەزموون و بڕوا تایبەتانەن کە گشت گریمانەکان و تیۆرییە فەلسەفییەکان هەر لە تیۆری جوانیناسییەوە بگرە تا مەعریفەناسی و لە گوتارە ئەخلاقییەکانەوە تا بان سرووشتی، دەخەنە ژێر کاریگەرییەوە. بەداخەوە هەنوکەش کەسانێك کە خەریکی خوێندنەوە و کارکردنن لەسەر نەریتی فەلسەفی، خۆیان بێ ئاگا دەکەن لەم خاڵە یا خودبێئاگان. ئەگەر لە فۆرموولەبوونی مێژووی هزر و فەلسەفەی ڕۆژئاوا وردبینەوە، ئەو دیمەنەی کە بە دەستی دەهێنین، دیمەنێکە لەو کۆمەڵە پیاوێکی تایبەت، واتە پیاوانی سپی پێست لە چینی باڵای کۆمەڵگا، تەنانەت ڕۆڵی کەم ڕەنگتری پیاوانی پێست ڕەنگین یا پیاوانێك لە چینی خوارووی کۆمەڵگا لەم دیمەنەدا بە دژواری دەبینین، کەواتە نەك تەنها ژنان، بەڵکو پیاوگەلێکیش لەم دەستەیە لە نێوەندی فەلسەفی وەدەر نراون.

وا پێدەچێت کە نیچە و ئەندێشەکەی، بتوانێت وەڵامی زۆرێك لە پرسەکان لەوانە ئەم وەدەرنراو و دوورخرانەوەمان بداتەوە. سەرەڕای ڕەخنە توند و ڕووشێنەرەکانی نیچە لە بزووتنەوەی فیمینیزمی سەدەی خۆی و هەروەها دیموکراسی، بنەماکان پیاوسالاری کە ڕیشەیان لە کولتوور و هزردا داکوتاوە، دەخاتە بەر ڕەخنەوە. نیچە ئینکاری زۆرێك لە نزم بیرکردنەوەکانی فەلسەفە دەکاتەوە کە تاوەکوو هەنووکە توانیویەتی بەها و وەستاوی خۆی بپارێزێت. ئەو ئیمکانی دەست وێراگەیشتن بەم هێز و دیکۆمێنتارییە لە حکومەتی باوکسالاری و پیاوسالاریدا بە دوور نازانێت کە لە ڕێگای زۆرەملی و سەرکەوتووەوە توانیویەتی دەوام بهێنێت و بە ڕووکارێك کە بە ڕەچەڵەکناسی ناوی دەرکردووە و هەروەها بنەمایەکی تر لە هزری خۆی واتە دیمەنگەرایی دەستی داوەتە ڕەخنەیەکی بنەمایی لە دەسەڵاتداریەتی. بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە تێڕوانینەکانی نیچە تۆخمگەلێکی لە ڕەخنەی پیاوسالاری و باوکسالاریشی تێدایە و لەم ڕووەوە کەوتووەتە بەر هێرش و ڕەخنەی هەندێك لە بیرمەندان کە لە ڕاستای گشتی هزری باو و زاڵ، هزرێکی پیاوسالاریان بەسەر هزری مرۆڤ تەوەریدا بە چاکتر زانیوە. نیچە فەیلەسووفێکە بە بیروبۆچوونی گۆڕاو تەنانەت دژ و نەچەسپاو. نیشانەی دیار و گرینگی ئەو، لە خوێندنەوە نوێیەکانە کە بەردەوام بۆ بەرهەم و نووسینەکانی دەکرێت. بۆ نموونە ئەم دووبارە خوێندنەوە نوێیانە لە فەرەنسا، بە پۆست پێکهاتەگەراییەکان و بە کاری ***میشێل فوکۆ*** لەژێر ناونیشانی "نیچە، فرۆید و مارکس" دەستی پێکرد و لە ئەمریکاش بە وەرگێران و ڕاڤەی بەرهەمی نیچە لە لایەن (ڤۆڵتێر کافمن)ەوە بوو. بێ شك دەتوانرێت نیچە بە یەکەمین بیرمەندی پۆست مودێرن بزانرێت. ئەو سەرچاوەی زۆری بۆ پەیدابوون و گەشەی ئەم قوتابخانە هزرییە فەراهەم کرد.

ڕەخنەکانی نیچە لە مودێرنیتە و بەهای ئەو لە لای سۆسیالیزمی نەتەوەیی ـ کە خۆی جووڵانەوەکی دژە مودێرن بوو ـ ئەویان وەك بیرمەندێکی پۆست مودێرن بە تایبەت لە فەرەنسا و کەمێك دواتر لە ئەڵمانیا و ئەمریکا ناساند. گومانی تێیدا نییە کە نیچە وەك کەسایەتییەکی تەوەری، هەم لە شرۆڤەی کولتووری ڕۆژئاوایی سەدەی بیستەم ڕۆڵی هەبووە و هەم لە پێشکەوتنی فەلسەفەی ڕۆژئاواشدا. بۆ نموونە، [سوك هەڵبژێرەگۆیی] و گاڵتەئامێزانەی ئەو کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر (***لۆدویك ویتگنیشتاین***) دانا، بەردەوام ڕەخنەکانی لە ئاوەز، دەرەنجامێکی باشی بۆ مەکتەبی فرانکفۆرت هەبوو. کاریگەری دیمەنگەرایی دژە دەرکەوتەناسی نیچە، لەسەر ***ژاك دێریدا*** و ***پۆل دومان*** کە هەردووکیان لە ڕەخنەگرانی پۆست مودێرنن، زۆربەرچاوە. زۆربەی دەرکەوتەی

رەچەڵەکناسی نیچە، بە تایبەت لەمەڕ پەیوەندی نێوان زانست و دەسەڵات، نیۆمارکسیستییەکانی وەك میشێل فوکۆ و ئیدوارد سەعیدی بەرەو چالاکی مێژوویی و ڕەخنەگرانەی پۆست مودێرنیتی هەڵنا، هەروەها هەوڵە دلێرانەکەی بۆ هێرشکردنە سەر بان سرووشتی نەریتی و هێنانەگۆڕێی تیۆری خواستی هێز (دەسەڵات) پانتاییەکی لەباری بۆ بیرمەندانی پۆست مودێرنی دیکەی وەك ***مارتین هایدێگەر***، ***هانس گئۆرگ گادامێر*** و ***ژان پۆل سارتەر*** خۆش کرد. لە بیروڕای نیچە لەبارەی مەرگی خودا و ڕەدکردنەوەی دوالیزم لە ئیلاهیاتی مودێرن و ئیگزیستانسیالیستی و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فەیلەسووفانی وەك ***پۆل تیلیش*** هەبوو. زیدە سەرەڕای کاریگەری هزری نیچە لە فەلسەفەدا، دەتوانرێت ئاماژە بە بوونیش لە پانتاییەکانی دیکەی کولتوور و ئەندێشە هەروەك ئەدەبیات و دەروونناسی و هونەر بکرێت. لەم ڕووەوە، خواستی بوونی بیروڕای ئەو بۆ هزری سەدەی بیستەم و دوای ئەویش ـ لە گشت پانتایی و گۆڕەپانەکانیدا ـ کارێکی ئاشکرا و هەروەها جێگەی تێرامان، چونکە بە بوێریەوە دەتوانرێت بوترێت کە نیچە تەنها فەیلەسووفێکە ئەندێشیەکانی بوونەتە سەرچاوەی پەیدابوون و پەروەردەی قوتابخانە هزرییەکان لە دنیای ئەوڕۆی ئەورووپی، هەروەك دەزانین (فێمینیزم)یش کە لە تیۆرییە نوێیەکانی دیکەی فەلسەفەیە، کاریگەری زۆری لە بیرورا و هزری نیچە لەسەر بووە، بە تایبەت فیمینزمی هاوچەرخ کە لە ڕاستای فۆرمولەبوونی ئەندێشەی پۆست پێکهاتەگەرا و پۆست مودێرن لە فەرەنسا پێکهات، هەرچەندە لە نووسینەکانی نیچەدا گەڕانەوەیەکی فراوان هەیە بۆ ژنان، ژمارەیەکی کەم لەم گەڕانەوانە لە پێداهەڵگوتنی بۆ ژن تێدایە. سەرەڕای ئەمانەش بوونی گشت ئەو دژە ژنییە (یا ئەگەر باشتر بێ بڵێین لە ژن هەڵاتن)ی نیچە، دەتوانرێت بوترێت کە ئەو دڵفڕێنەر و شەیدای ژنە، هەندێك لەسەر ئەو باوەڕەن کە قسەکانی نیچە لەسەر ژن وەها تاڵ و نەخوازراون کە بواری هەر جۆرە سوودوەرگرتنێکی ئەرێنی و پێداگریگەرایی ناهێڵێتەوە، بەڵام خاڵی گرینگ کە دەبێت ئاگاداری بین، ئەوەیە کە نیچە هەموو شتێك و هەموو کەسێك دەخاتە بەردەم ڕوحی توندوتیژی ڕەخنەکانی خۆیەوە ئەو نەریتی فەلسەفی هەر لە ئەفلاتووندا بگرە تا کانت دەباتە ژێر ڕەخنەوە و لە زۆربەی پانتاییەکاندا قسە و ڕەخنەی زۆری هەیە بۆ گوتن. کاتێك کە فەیلەسووفێکی وەك ئەو لەمەڕ پرسێکی وەك نیشتەجێبوون، ئاو و هەوا، ڕژێمی خۆراکی و هەڵبەت هزری، ساغڵەمی و.. قسە دەکات، جێگای سەرسوڕمان نییە کە لەمەڕ ژنانیشەوە ئەو قسانەی هەیە، ئەگەرچی ئەم قسانەش بە ڕواڵەت شتێك جگە لە

توندگۆیی و لۆمە نەبن. ئەگەر نیچە لەم بارەوە قسەی نەکردبا، ئەوکات جێگای سەرسوڕمان و گوومان بوو.

بە گشتی ڕەنگە بتوانرێت قسەکانی نیچە لەسەر ژنان لە سێ ڕەهەند و ڕووەوە سەیر بکەین: **یەکەم**، ئەو قسانەی کە نیچە لە بیروڕای پێشینانەوە وەری گرتوون و سەرەڕای چاوەڕوانی ئێمە لەگەڵیان ڕەخنەگرانە هەڵسووکەوتی نەکردوە. هۆکاری ئەمەشمان سەردەمێك بۆ دەردەکەوێت کە بە خواست و ئارەزووی شەخسی نیچەی بزانین، واتە ئەو حەزی لەوە بوو تا ئەو قسانەی کە بنەما و بناغەیکیان نەبووە و وەك نەریتێکی پیاوانە خۆیان لە فەلسەفەدا پێشان داوە، بێ هیچ هەڵسوکەوتێکی ڕەخنەگرانە قەبووڵ بکات و ئەمەش هەمان ڕەهەند و لایەنی **دووهەم** و تایبەتمەندییەکی دیکەی قسەکانی ئەوە لەمەڕ ژنانەوە، بەڵام لە ڕووەوە کە نیچە فەیلەسووفێکی ڕاستگۆیە، لەم لاوازی کەسایەتی و ئارەزووە شەخسییەی ئاگادار دەکاتەوە و لە پاری (231) لە (ئەوپەری خەیرو شەڕ)دا دانی پێدا دەنێت کە بەشێك لە قسەکانی لەمەڕ ژنانەوە تەنها ڕاستی گەلێکی ئەون، نەك ڕاستی گەلێك لەمەڕ ژنانەوە کەواتە باشتر وایە خۆ بە دوور بگیرێت لە کاریگەری نارەوا و نەشیاوی قسەکانی لەمەڕ ژنانەوە. **سێیەمین** ڕووخسار و دیمەن کە دەتوانێت ئاشکراکەری گوتراویەکانی نیچە لەمەڕ ژنانەوە بێت، ڕەخنەگەلێکە کە ئەو بە دروستی لە فێمینیزمی سەردەمی خۆی هەیبوو، چونکە ئەو پەی بە دەرەنجامێکی زیاندار بردبوو کە ئەم جووڵانەوەیە سەرەتاییە، دەیتوانی بەرهەمێکی بۆ ژنان تێدا بێت، چونکە لە شەپۆلی یەکەمدا ئەم جووڵانەوەیە کە زۆرجار پێی لەسەر یەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان دادەگرتەوە و پێشنیاری وەك پیاوبوون لەدەستدانی غەریزە و تایبەتمەندییە ژنانییەکانی دەکرد و ئەمەش شتێك بوو کە نیچە لە بەرژەوەندی ژنانی نەدەزانی و بۆ بەرگرتن لەم فەنابوونە بە توندی هێرشی دەکردە سەر جووڵانەوەی فێمینیزمی سەردەمی خۆی، بەڵام لە چەرخی ئێمەدا ئەم جووڵانەوەیە توانیویەتی زۆرێك لە گرفتە تیۆری و پراکتیکییەکانی خۆی حەل بکات و تەنانەت توانی وەك تیۆرییەکی فەلسەفی، شوێنگەی شیاوی خۆی لەنێوان تیۆرییە فەلسەفییەکانی دیکەدا بەدەست بهێنێت.

لەم توێژینەوەیەدا باسەکەمان بە بنەمای هزری نیچە دەست پێکردوە و هەوڵمان داوە تا کەم و زۆر هەموو بنەما هزرییەکانی ئەم فەیلەسووفە بەیان بکەین تا خوێنەر بتوانێت سەرەڕای ئاشنایی لەگەڵ شێوەی بیرکردنەوەی و ئەوەی کە کاریگەری لەسەر بیروڕا و بیرکردنەوەی داناوە، تێگەیشتنێکی باشتری لە فەزای ئەندێشەکانی نیچەدا دەست کەوێت، چونکە جگە لە تێگەیشتنێکی دروست لە واتاگەلی وەك ڕەخنەی کولتووری، ڕەخنەی

مەسیحیەت، ڕەخنەی ئەخلاق و بەها کۆنەکان، ئەفراندنی کولتوور و بەهاگەلی نوێ، خواستی دەسەڵات و گەڕانەوەی جاویدان بێ ناگەینە ئەو ئامانجەی کە خوازیارین. بەشی یەکەم ئامادە و تەیارمان دەکات بۆ چوونە نێو بەشی دواتر کە لێکدانەوەی ڕوانگەکانی نیچەیە لەمەڕ ژنان لەگەڵ ڕوانگەی دژە ژنی و تەئیدگەرانەکانی. لەلایەکەوە نیچە، ژن بە سەرچاوەی بەها کۆنەکان دەزانێت کە دەبێت وێران بکرێن و لەلایەکی تریشەوە ژن بە ڕووی هیوای وەراستگەڕانی مرۆڤ و بەرزبوونەوەی کولتوور و مرۆڤایەتی دەزانێت کە بەمەش دەتوانێت لە ڕاستای مزگێنی نیچە بۆ کولتوورو بەها نوێیەکان هەنگاو هەڵێنێتەوە ڕوانگەی ئەرێنی و تەئیدگەرانەی نیچە، هەمان ئەو شتەیە کە پێشەکی چوونە ژوورەوەی ئێمەیە بۆ بەشی سێهەم، واتە لێکدانەوەی ئەو کاریگەرییەی کە نیچە لەسەر فێمینیزمی هاوچەرخی داناوە و شرۆڤە و دەربڕینێك کە ئەوان لە بیر و هزری نیچە لەم بارەیەوە هەیانبووە کە خۆیان سەرچاوەی گۆڕان و لێکۆڵینەوەی زۆر بوونە لەم بوارەدا ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین تا ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی نیچە بە مێژووی هزری فەلسەفی (ڕۆژئاوا) درێژە پێ بدەین و درێژی بکەینەوە بۆ نێو بابەتی باسەکەمانەوە. سەرەڕای ئەم کارەش هەوڵ دەدەین تا دیدێکی دیاردەناسانە سەبارەت بەم ڕەوتە درێژە پێ بدەین و بە دوای قەبووڵکردن یا بە دڕۆخستنەوەی ڕوانگەی نیچە لەمەڕ ژنانەوە نەبین. ئێمە ئاگامان لە هەردوو مەیل و خوازە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بیروڕای نیچە لەمەڕ ژنانەوە بووە، هەروەها خۆمان داوەتە ئەو شرۆڤە جیاوازانەی کە لەبارەی ڕوانگەی نیچەوە، لەم بارەوە ئەنجام دراون و هەروەها بیروڕا و ڕوانگە جیاوازەکان شرۆڤەکەران و ڕەخنەگرانی ئەم بابەتەمان وەبەرچاو گرتووە .

پێشینەی لێکۆڵینەوەی لەم چەشنە لە ئاستی نێونەتەوەییدا، بۆ ساڵیانی پێشتر دەگەڕێتەوە و لە ڕاستیدا هێشتا کە باسێکە زۆر تازە کە ڕێگایەکی درێژی لەپێشە بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێك کە لە بیری دایە و هێشتاکەش بیرمەندگەلێکی زۆری بە خۆیەوە خەریك کردووە. کەوابوو بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم لێکۆڵینەوانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، پێشینەیەکی وەهای نییە هیواداریین کە ئەم کارە بتوانێت سەرەتایەك و دەستپێکێك بێت بۆ موتاڵا و لێکۆڵینەوەی زیاتر و بەربڵاوتر لە داهاتوودا. هەڵبەت دەبێت بە بیر بهێنمەوە کە هەر کارێکی نوێ گرفتی تایبەتی خۆی هەیە، لەوانە بەرتەسکی و سنورداریەتی لێکۆڵینەوە و سەرچاویەکانی کە ئەم کارەش خاڵی نییە لەم کێشانە. هیوام ئەوەیە کە گرفتیەکانی ئەم کارە لەگەڵ ڕەخنەو پێشنیاریەکانی خوێنەران لە داهاتوودا چارە بکرێن.

# بنەمای هزری نیچە

شیفتە و فریودراوی جۆر و شێوازی من بووی؟ و بە دوای مندا سەفەر دەکەی؟

ڕاستگۆیانە بە ڕێگای خۆتدا برۆ!

دەبینیت هێواش هێواش پەیڕەوی لە من دەکەی!

**(زانستی شاد، کتێبی یەکەم، ٧٠)**

هەوڵدان بۆ چوونە نێو سیستەمی هزری هەر فەیلەسووفێك، پێویستی بە تێگەیشتن و وەرگرتنی تەواوی بنەمای هزری ئەو فەیلەسووفە هەیە، واتە لێکدانەوەی خواست و خاڵی مەزنی مێژوویی و پێداهەڵگوتنی تایبەت و واتایەکی تایبەت کە ئەو فەیلەسووفە بۆ بەیانکردنی ئەندێشیەکانی خۆی بەکاری دەبات، بەلانیکەمەوە هەندێکجار خوازیاری یەکدڵی و هەندێکجاریش ڕەفتارێکی دەروونناسانەیە. ئەم کارە لەمەڕ نیچە و چوونە نێو قوڵایی ئەندێشە و کرۆکی هزرییەوە، پێویست تر و هەروەها دژوارتریش دەردەکەوێت. پێویستی و دژوارییەکەی، سەرەتا لە لێکدانەوەی دروست لە هزری نیچە، سەرەڕای ستایل و شێوازی تایبەتی نووسین و بەیانکردنی ڕوانگەکانییەتی کە هەندێکجار نادیارو دژوار دەردەکەون و لێوان لێون لە قسەی جوان و باش دستەواژەی نمایشی، وشەی کورت کە خاڵی نین لە دژەگۆیی و نادیاری و هەندێکجاریش خاوەن ڕوون و ئاشکرایی و کورتبڕی وەهان کە ترسی ئەوە هەیە تا قوڵایی و بێخی نیشتووی نێو ئەم قسە کورتە بەراستی دەرك نەکرێت، بە دەربڕینێکی دیکە، نیچە بە زمانی شیعر فەلسەفە دەکرد. نیچە، ئەم شاعیرە فەیلەسووفە، لە پێشەکی (ئەمەیە مرۆڤ) دەنووسێت:

"کەسێك کە بتوانێت هەوای نووسینەکانی من هەڵمژێت، دەزانێت کە ئەمە هەوای بەرزییەکانە، هەوای تازە و زیندوو. دەبێ مرۆڤ بۆ هەوایەکی وەها ئەفرێنرابێت... تەنهایی ترسناکە، بەڵام هەموو شتێك بە ئارامی لە ڕووناکیدا خەوتووە! چ ئازادانە ئەتوانرێ هەناسە بکێشرێت! چەندە ئەتوانرێت شتەکان خوارووتر لە خۆمانەوە هەست پێ بکەین! فەلسەفە، بەو شێوەیەی کە من هەتاوەکوو هەنووکە لێی تێگەیشتووم و پێی ژیاوم خوازیارانە ژیانە لەنێو سەهۆڵان و لوتکەکاندا ـ گەڕانی هەر شتێکی نائاشنا و پرسیارئەفرێنی ژیانە..."

لەوەوە کە نیچە باوەڕی بە کولتوورێك لە بنەمای جیاوازە لەگەڵ کولتووری سەدەی ئێمە هەیە واتە هەمان کولتووری کە پڕ لە خۆهەڵنان سەما و باڵۆرەی مەستانەیە و پڕە لە شەوقی ژیان کە دەتوانرێت باشترین وێنا و دەرکەوتەی لە دیۆنیزۆسدا ببینین، وا بە باشتر دەزانێ کە "لە شیعر، پەند، دانسقەگۆیی، شانۆ، گۆرانییەکانی دیتیرامبیك (سروودەکانی دیۆنیزۆسی لە وەسفی سەما و مەستی) و لە خوازە، پەند و حیکمەت و دژەکان بەهرە وەرگرێت، واتە لە فراوانی فۆرمگەلێ کە شکڵی دانسقەی (وەهای گوت زەردەشت) دروست دەکات. لێرەدا ئەندێشە و ڕاڤە لە هەمان کلتووری دیکەوە سەرچاوە دەگرن و ناتوانن لە چوارچێوەکانی کولتووری عەقڵانی ئێمەدا بگونجێن".

***پۆل ڤالری*** لەم بارەوە دەڵێت " نازانم لە نیچەدا چ پەیوەندێکی دەروونی لەنێوان دوو توخمی بنیازی و شرۆڤەکاری هەیە کە هیچکات کەسێك بەم گونجاوی و زیرەکییە وەراستی نەگەڕاندووە. لە یاری ئەم مەرمی پاراو لە موزیکە، ئەوەی بۆ من بە تەواوی جێگای باشی و پێداهەڵگوتنە، دەسلەملان و کاریگەری زۆر سەرکەوتووانەی مانا و داتاکانە کە لە بنەڕەتدا زانایانەن".

هەروەها نیچە خۆی دان بەوەدا دەنێت کە بۆ تێگەیشتنی فەزای نووسینەکانی، دەبێت دروست بکرێت تا ڕەنگە بتوانرێ ڕێگایەك بۆ فەزای ئەندێشەکانی بدۆزرێتەوە و ئەمەش لە کاتێکدا ڕوودەدات کە هاوڕا بین لەگەڵی تا دوورترین ڕۆژئاوابوونەکان و قوڵترین نشێوگەکان. ***ولیام هابێن*** لەم بارەوە دەڵێت "کاتێك کە گوێ لە قسەی دەگرین، لە نێزیك ئاگرەوەین و لەم حاڵەدا هەم گەرمای سووتێنەر و هەم ڕووناکی سەرنجڕاکێشی ڕوحی هەست پێدەکەین و ئەو کاتە لێی تێدەگەین کە تەسلیمی ئاگربازیی پڕ لە جادوی زێدەڕۆ و دژە گۆییەکانی بین".

هۆکارێکی دیکەی پێویست و دژواری ڕێگا دۆزینەوە بۆ فەزای ئەندێشەی نیچە ـ کە لە هەمان کاتدا ڕەنگە پێشاندەری هێز و جوانی گیانی کەلامی ئەم فەیلەسووفەش بێت ـ جێنەگرتنی فەلسەفەی ئەو لە دابەشکاری دیسپلینی پشت ئەستوور بەسەر سیستەمەوەیە: "مەبەستی نیچە لە نووسینی فەلسەفەی خۆی، بەیانکردنی شتە تایبەت و یەکتاکانە، نەك کاروباری گشتی یا نێوەند. ئەو دەخوازێت ئەوەی کە پەیگر و نەچەسپیو و ئاڵۆز و بێ چوارچێوەیە، لە هەموو سەرووتریش، سروشتی تاکی ژیان بپارێزێت.. یەکگرتوویی هزری ئەوەندە بۆی گرنگ نییە".

لەم ڕووەوە ناتوانرێت نیچە و هزرەکەی لە هیچ جۆرە سیستەمێکدا جێ بکرێنەوە و فەلسەفەکەی بخرێتە نێو چوارچێوە پلەبەندییەکانەوە "ناتوانرێ فەلسەفەی نیچە بە ئاسانی

بۆ بەشگەلی وەك بان سرووشت، مەعریفەناسی، مۆراڵ، جوانیناسی و بواریەکانی دیکە دابەش بکەین. بۆ نموونە ئەخلاقی ئەو نە بە شێوەیەکی تەواو پێگەیشتوانەیە و نە دژی عەقڵگەراییە. توخمی پۆزیتیڤیزمی تەنیشت بە تەنیشتی مەیلی ئیگزیستانسیالیستی خۆی ئاشکرا دەکات".

لەم ڕووەوە ئەتوانرێ فەلسەفەی نیچە هەم بە جۆرێك لە ئیگزیستانسیالیزم و هەم بە ڤیتالیزم و هەم بە فەلسەفەی هێز و دەسەڵات.. بزانرێت.

## سەرچاوە دێرینەکان

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین بنەماو بناغەی هزری نیچە ـ کە هەمووکات بە سووکەبڕێرەگۆیی (aphorism) دەنووسێت ـ بە سەرەنجدان بە بنەما و ئامۆژەگەلی کە لە بەرهەمەکانیدا هاتووە، ڕاڤە بکەین و لە بواری ڕەچەڵەکناسی و دێرینەناسییەوە سەرەنجێکی بۆ هەڵخەین.

## یۆنانییەکان، ڕەشبینی و هونەر

نیچە لە یەکەمین کتێبی خۆیدا، لە دایکبوونی تراژیدی لە ڕۆحی موسیقی (1872)، تیۆریگەلێکی لەمەڕ لە دایکبوون و مەرگی تراژیدی یۆنانی باس کردووە. زێتر لە هەر شتێکی دیکە، نیچە لەم پەرتووکەی خۆیدا مانایەکی نوێ لە ڕۆحی یۆنانی ئەخاتەڕوو. ئەو لە سەرەتادا، چیرۆکی گفتوگۆی پاشا (میداس) و (سیلنۆس ـ Silcuns)ی زانا، هاوسەفەری (دیۆنیزۆس ـ Dionysus) دەگێڕێتەوە کە پاشا بە پێداگری لێی دەپرسێت "چ شتێك بۆ مرۆڤ لە هەموو شتێك باشتر و دڵخوازترە" و سیلنۆسیش لە وەڵامدا دەڵێت: "شتێك کە لە هەمووان باشترە و لە دەست وێراگەیشتنی تۆ هەمووکات دوورەو ئەویش لەدایکنەبوون، هیچبوون و دواجار ئەوەی کە بۆ تۆ لە هەموو شتێك باشترە، زووتر مردنە".

لە ڕاستیدا نیچە بە گێڕانەوەی ئەم ئەفسانە کۆنەی یۆنان، لەمەڕ سیلنۆس کە دەڵێت بۆ فەناخوازان لەدایکنەبوون باشترە لە لەدایکبوون، ڕوانگەی واقعگەرایانەی یۆنانییەکان بۆ پرسەکانی بوون و هەستی ڕەنج و سەغڵەتی ئەوان و لە ئەنجامیشدا دیدێکی ڕەشبینانە کە بۆ ژیان هەیان بوو، پێشان دەدات. نیچە ئەم (فەیلەسوفی ژیانە)، هەروەك یۆنانییە

کۆنەکان بە ئاگا بوو لە ترس و پووچی ژیان و ئەو خۆف و ترسەی کە مرۆڤ هەستی پێدەکرد و تووشی دڵەڕاوکێ و لەرزین دەبوو، بەڵام ئەندێشەی نیچە وەك شۆپنهاور نییە کە پێداگری لەسەر نەفیکردنەوەی ژیان دەکات. نیچە فەیلەسوفێکی (بەڵێگۆ) و قەبووڵکەری ژیانە: "بەڵێگۆییەکی باڵا، لە دایکبووی لێوڕێژی و فراوانی، بەڵێگوتنی بێ شەرت و مەرج بە ژیان، تەنانەت بە ڕەنج و ئازار و گوناه و بە هەر شتێك کە لە بووندا نادیار و غەریبە...". لەم ڕووەوە، نیچە ناتوانێت ئەم ڕوانگە نهلیستییە (پووچگەرایانە)ی سیلێنۆس قەبووڵ بکات و ژیان لەبەر هۆکاری پووچیەتی نەفی بکاتەوە، هەروەك ئەوەیکە یۆنانییە کۆنەکانیش وەهایان نەکرد. نیچە بە لێکۆڵینەوەی سەرچاوە مێژوویی، فەلسەفی و ئوستورەناسییە دراماتیستەکانی یۆنانی، کلیلی ڕێڤەکەری ئەم ڕازە سەیرەی مرۆڤ دەدۆزێتەوە، واتە ئەوەی کە توانی یۆنانییەکان بەسەر ئەم ڕەشبینییەدا سەرخات: "هونەر و هیچ شتێك جگە لە هونەر! ئەمەیە ئەو ئامرازە سەرەکییەی کە ژیان بۆ ئێمە هەموار دەکات، ئەو ڕکێشییە گەورەیەی کە ئێمە ڕازی دەکات بە ژیان. ئەو بزوێنەرە مەزنەی ژیان.. بەهێزتر لە ڕەشبینی، (خودایی تر) لە حەقیقەت...". نیچە نەك تەنها هونەر بە تەنیا ئامرازی ئاراستەکردنی ژیان دەزانێت، واتە تەنها ئامرازێك کە بە هۆیەوە بەسەر ترس لە ژیان و پووچیەتی ئەو ژیانەدا سەربکەویت، بەڵکو وەك هێزێکی ڕزگارییەخش و ڕزگارکەریش دەیبینێت:

هونەر وەك ڕزگاریی پیاوی زانست ـ ڕزگاری ئەوانەی خەسڵەتی ترس خولقێن و چۆن و بۆچی قەبووڵکەری وجود دەبینن و دەخوازن ببینن، پیاوانی ناسینی تراژیك. هونەر هەروەك ڕزگاریی پیاوی کار ـ ڕزگارکردنی ئەوانەی نەك تەنها خەسڵەتی ترس خولقێن و چۆن وبۆچی قەبووڵکەری بوون دەبینن، بەڵکو دەیکەن بە ژیان و دەیانهەوێ بیکەن بە ژیان، مرۆڤی تراژیك شەڕخواز و قارەمان. هونەر وەك نەجاتی ڕەنجدیتوو، هەروەك ڕێگایەك بەرەو ڕووی حاڵەتێك کە تیایاندا ئازاردیتوانی موراد و مەقسودە، گۆڕان بە شێوە دەدات، بە خودایەك دەگات، شوێنێك کە ڕەنجدیتوویی ڕووکارێکە لە مەستییەکی مەزن.

کەواتە (هونەر) ڕازی سەرکەوتنی یۆنانییەکان بوو بەسەر ڕەشبینیا و ئەمەش قوڵترین نیشانەی درامی یۆنانییە، چونکە "درام دووبارە دیتنەوەی بژارەکان و کردەکانی دیۆنیزۆسییە...". (لەدایکبوونی تراژیدی) کە لە هونەر و بە تایبەت لە موزیکدا بەوپەڕی خۆی دەگات.

ئەگەرچی یۆنانییەکان بە ئاگابوون لە ترسناکی و مەترسی ژیانی مرۆیی و سروشتی ڕاستەقینەی جیهان و لە ڕەنج و دەردەکانی ئاگادار بوون، بەڵام خۆیان نەدایە دەست ئەم ڕەشبینییە و ڕووی خۆیان وەرنەگێرا لە ژیان. ئەوان سوودیان لەم دەردی ئاگاییە وەرگرت، دەستیان دایە داهێنانی هونەری و ژیانی خۆیان لەگەڵ جیهان وەك دیاردەیەکی جوانیناسی ڕێکخست. ئەوان هەوڵی باشتر و جوانترکردنی ڕووخساری جیهان و ژیانی مرۆیان دەدا تا لەم ڕێگایەوە بتوانن بە جیهان و ژیان وەك دیاردەیەکی جوان بڵێین (بەڵێ)، چونکە "هونەر ئەم دڵنیایی بان سرووشتییە بە مرۆڤ دەبەخشێت کە سەرەڕای گشت گۆڕانە ڕووکارییەکان، ژێرخانی شتەکان هەمان ژیانە کە بە هێز و چێژێکی پاکەوە دەچێتە پێش". هەر لەم ڕووەوەیە نیچە باوەڕی وەهایە: "هونەر نەك ئەخلاق دەبێت بە چالاکی دروستی بان سرووشت یا میتافیزیکی مرۆڤ بزانین.. وجوودی جیهان تەنها وەك دیاردەیەکی هونەری جێگای قەبووڵکردنە".

نیچە ئەم ڕەشبینییەی یۆنانییەکان ـ کە توانای قەبووڵکردنی ژیان سەرەڕای ڕەهەندە ترسناکەکانی هەیە ـ بە (ڕەشبینی هونەرمەندانە) یا (ڕەشبینی بەهێزانە) ناودەبات، واتە ڕەشبینییەك کە دەبێتە هۆی بەرهەڤکردنی بیرمەند یا هونەرمەندێك کە لە لێوڕێژی ژیان ڕەنج دەکێشێت و لە ڕەشبینی مەزهەبی ئەخلاقی، کە ڕێك ئاوەژووی ڕەشبینی هونەرمەندانەیە بە جیاواز دەزانێت، واتە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەشبینییەك (کە نەك زادەی ڕێژە و ئەفراندن، بەڵکو وێرانگەری) و بێنیازی بەڵکو لە ئەنجامی هەژاری و پێویستییەوەیە. نیچە ئەم ڕەشبینییە بە نیشانەی پەستی دەزانێت، چونکە مرۆڤ لەم حاڵەدا "حیکمەتی ئیزەدی دارستان، سیلنۆس تێدەگات و دەکەوێتە هێڵنجدان و تەنها هونەر دەزانێت کە چۆن چۆنی ئەم ئەندێشە هێڵنجاوەرانە لەمەڕ بەخشینەوە یا پووچیەتی بوون بگۆڕێت بۆ لێکدانەوە گەلێك کە بتوانرێ بە هۆیانەوە درێژە بە ژیان بدرێت".

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، نیچە دژی ڕوانگەی نیهلیستی (پووچگەرایی) سیلنۆسە و ڕەشبینی ئەو لەگەڵ ڕەشبینی سیلنۆس جیاوازە، چونکە: "هەرچەندە کە مرۆڤی هۆمەری سەبارەت بە ترسناکی و وەحشەتی وجوود ناسینی پەیداکردبوو، تەواو ناچاربوو بۆ ژیان کە لە نێوان خۆی و ئەو ترس و وەحشەتە خەیاڵی درەوشاوەی لەدایکبوونی ئالمپی لە جێگای دابنێ.. خوداکان بەم شێوەیە هۆکاریان بۆ مرۆڤ ئاراستە دەکرد، چ خۆیان دەیانبێ و هەر ئەوەیە تەنها شێوەی ڕازیکەری خوداناسی بەڵگەدار، بوون لە گزینگی خۆری درەوشاوەی خودایان هەمان ئەو شتەیە کە هەموان لە خودی خۆیاندا خوازیاری و دڵگرانی ڕاستەقینەی مرۆڤ هۆمەری لەوێدایەکە لە تەمەنی بچوکدا لەم

خۆرە درەوشاوە تایبەتە جێماوە، کەواتە هەنووکە بە هەڵگێرانەوەی حیکمەت سیلنۆس ئەتوانرێ بگوترێت کە بۆ مرۆڤی هۆمەری، مەرگی بە زوویی خراپترینی شتەکانە و خراپتر لەوە کە ڕۆژێك بمرێت".

هەروەك بینیمان یۆنانییەکان سوودیان لە ڕەشبینی بۆ سەرکەوتن بەسەریدا وەردەگرت "یۆنانییەکان دابڕانیان دا بە ڕەشبینی ـ بەسەریدا سەرکەوتن.. هەر لە بنەڕەتدا تراژیدی ڕێك نیشانەی ڕەشبین نەبوونی یۆنانییەکانە". یۆنانییەکان هونەرمەندانی تراژیك بوون، نیچە واتای تراژیك و ناسین لەمەڕ دەروونناسی تراژیدیا *(لە دەمەو ئێوارەی بتەکان)* باس دەکات و لەم مانایەدا خودا بە "هەوەڵێن فەیلەسووفی تراژیك" لە قەڵەم دەدا کە بەرامبەردانراوی تەواو و دژە جەمسەری (فەیلەسووفی ڕەشبین):

بەڵێگوتن بە ژیان تا غەریبترین و دژوارترین پرسەکانی، ژیان ـ خوازیاریەتی کە باڵاترین چەشنەکان دەکاتە قوربانی سرووشتی خۆنەویستی خۆی، من ئەمەم ناو ناوە دیۆنیزۆسی و ڕێگای چوونە ژوورەوە بۆ دەروونناسی شاعیری تراژیکم تێدا دووبارە ناسییەوە. نەك بۆ ڕزگاربوون لە چنگی ترس و بەزەیی، نەبۆ پاڵاوتنی خود لە سوێریەکی مەترسیدار بە خاڵیکردنی توندی ئەو ـ بەو شێوەیەی کە ***ئەرەستۆ*** بە هەڵەی دەزانی ـ بەڵکو بۆ ئەوەی لەوپەری ترس و بەزەییدا خودی کەسەکە لە چێژی جاویدانەبوون، بوونی دەست دەکەوێت، چێژێك کە چێژی وێرانکردنیش دەگرێتەخۆ.

لەم ڕووەوە هەروەك گوتمان یۆنانییەکانیش ئەم هونەرە تراژیکەیان هەبوو، تایبەتمەندییەك کە فێری ئەوانەی کرد تا بە چ شێوەیەك خۆیان و ژیانیان ڕزگار بکەن: "یۆنانی کەسێك بوو شیاوی ئازاراویترین و قوڵترین ڕەنج و دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دلێرانە لەگەڵ کاولکاری ترسناکی مێژووی جیهان و هەروەها بێ بەزەیی سروشت و بوون، لە مەترسی ئارەزووکردنی نەفی بوداگەرایانەی خواست خۆی دەبینییەوە. هونەر، ئەو، و لە ڕێگای ئەوەوە ژیانی ڕزگارکرد".

نیچە ڕوانگەی ئەفلاتوون و ئەرستۆی تراژیدی نەفی کردەوە، چونکە بە ئەخلاق باوەرانەی دەزانین هەروەها لەم بارەوە لەگەڵ شۆپنهاوەر دژ بوو، چونکە بە پێ ڕوانگەی **شۆپنهاوەر** " تراژیدی بە مانای پرۆسەیەکی جیایە، غەریزەی ژیان خۆی لە ڕێگای غەریزەی هونەرییەوە لەناو دەبات و شۆپنهاور لەو قسەیەی کە دەیگوت هەندێك لە بەرهەمە هونەرییەکان لە خزمەتی ڕەشبینی دان بە هەڵە دەزانی، چونکە بە بڕوای نیچە تراژیدی تەسلیم بوون فێرناکات پێشاندانی شتی ترسناك و چۆن و بۆچی خوازی نێو

غەریزە لە خزمەتی هێزو گەورەیی لە هونەرمەندێکدا ئەو لێیان ناترسێت وەها بە ناوی هونەری ڕەشبینانەبوونی نییە هونەر دەسەلمێنێت نەك نەفی بکاتەوە...

بە شێوەیەکی گشتی غەریزەی نیچە لە ئاراستەیەکی دژ لەگەڵ شۆپنهاوەر دەروات بە لایەنی ئاراستەکردنێکی ژیان تەنانەت بە ترسناکترین نادیارترین و درۆزنانەترین شێوە.

هەر لەم ڕووەوەیەکە نیچە خۆی بە یەکەمین کەس دادەنێت کە تراژیدیکی دۆزیبێتەوە. نیچە لە پاری حەوتەی لەدایك بوونی تراژیدیدا تراژیدی بە شتێك دەزانێت کە لە شارەزاییەك لە ترس و بووچی تەواوی وجود (بوون) و لە ناو ئومێدیەکی قوول لە دایك بووە کە تەنها جوانی باڵای تراژیدیە گەورەکان دەتوانێت خۆشیەکی دیونیزوی تەواو بەرهەم بهێنێت بۆ ڕزگاری مرۆڤ و هەروەها مانای تراژیدیش لە ڕزگاری دلەراوکێ ترسناکەکان دەزانێت کە مەرگ و زەمەنمان تیا بەرهەف دەکەن.

بەم شێوەیە ئەو هونەرەی کە ڕەمزی سەرکەوتنی یۆنانییەکان بوو لە بەرامبەر ڕەشبینی هونەری تراژیدیك دیونیزۆمی لەوەوە کە نیچە خەرمانی باڵا (متعالی) هەروەك (هێرش و سەرکەوتنی هونەرمەندان لەسەر ترس) وە بەرچاو دەگرێت ئافەرین بە یۆنانییەکان دەڵێت لەبەر ڕووبەڕووبوونەوە دلێرانەکەیان لە بەرامبەر ترس لە سرووشت و مێژوو، چونکە ئەوان بە دوای شوێنگە و پەنایەکەوە نەبوون لە نەفیکردنی بۆ ڕاگەریانەی خواست هەروەك ئەوەی کە شۆپنهاوەر ڕەفتاری پێ کرد بەڵکو لە بری ئەوە تراژیدیان ئەفراند تا بە هۆیەوە بتوانن ژیان سەرەرای گشت شتەکان هەروەك دیاردەیەکی جوان پەسەند و تەئید بکەن ئەگەر بمانەوێت خۆمان بدەینە لێکۆلینەوەی سەرچاوەی هونەری درامی یۆنانی دەتوانێت بە شێوەیەکی گشتی دوو سەرچاوەی جیاوازی بۆ وەبەرچاو بگرین یەکیان سەرچاوەی (ئاپۆلۆنی Apollo خودای ڕووخسار و خەون و خەیال) کە خاوەن دەرکەوتەی وەك خۆ خوانەی ئاسوودەی دیسپلین و ئەندازەیە و نوێنەری هونەری پەیکەرتاشی و بیناسازی یۆنانییە و ئەویتریشیان سەرچاوەی (دیۆنیزونی) هونەرەکی و تاسەری لە بۆنە سەما بە کۆمەلەکان و لە سەرووی هەمووشیانەوە لە موزیکدایە واتە هونەر تیایدا بە شێوەی مۆسیقایی و جولانەوەی بە دەردەکەوێت.

ئەم دوو سەرچاوە جیاوازانەی هونەر سەرەنجی لەگەڵ دوو ڕوانگەی جیاواز بۆ ژیانە هەریەکەیان سەلماندنی لەسەر خودایەکی ئالەمپی یەکە بە دەستی یۆنانییەکان لە دوو جەستەی ئیلاهی دیونیزۆس و ئاپۆلۆنی دەرخراون ئەگەر بێت و ڕوانگەی ئێمە بۆ ژیان ببێتە هۆی دروستبوونی ترس و مەترسی و ڕەشبینی و بەم شێوەیە (نا) بە ژیان بڵێت و بۆ ڕاکردن لەم ڕوانگە پووچگەراییە (نیهلیستیە) پەردەیەك لە وەهمە خەون و خەیاڵ

بکشێن بە ڕووخساری ڕاستیدا ئەوا ئەو ڕێگایەی کە گرتوومانەتەبەر ڕوانگەرەکی ئاپۆلۆنییە بەڵام ئەگەر بێت و ژیان سەرەرای گشت زۆلم و زۆری و ترسەکەی سەرکەوتوانە بگرینە باوەشی و سەرەرای گشت ڕەنج و ترسەکانی (بەڵێ)ی پێ بڵێین ئەوا بە دیدێکی (دیونیزۆنی) سەیری ژیانمان کردووە بە زیادکردنی ئەوەی کە (ئاپۆلۆن) و (دیونیزۆس) بۆ نیچە هەریەکەیان وێنایەکن لە (ژنایەتی) و (پیاوەتی) وەبەر چاوگرتنی ڕوانگەی ئاپۆلۆنی لە کولتوور، بیر، هونەر و سیاسەت و دەکێشێتە سەر (ژن سیفەتی) و هەنووکە ئەو کە وەپێشچاوگرتنی ڕوانگەی دیونیزۆس یارمەتی (پیاو سالاری) دەکات لێرەوە کە بەرامبەری ژن و پیاو لە بەرامبەر ئاپۆلۆن و دیونیزۆس ببینن.

نیچە لەو بروایە کە کولتووری ئێمە وە بەها حاکمەکان لەسەری بە تەواوی لەگەڵ توخمی (ژنانە) تێکەڵاون و هەر شتێکی کە مانای پیاوەتی و دیونیزۆس بێت بێ کاریگەری کردووە.

بەڵام ئەوەشمان لە بیر بێت کە سوود وەرگرتنی نیچە لە وشەگەلی وەك (ژن سیفەتی) یا (پیاوەتی) تەنها لەبەر تایبەتمەندی و کاریگەری ئەم وشانەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا هەیانە ئەگەرچی نیچە بە توندی ژنان و هەندێك لە دیاردە نەریتییەکان دەخاتە بەر ڕەخنە و سەرکۆنەی کردووە بەڵام لە ئەندێشەی ئەودا پیاوگەلی زۆر هەنە کە (ژن سیفەت)ن و ژنانی زۆر هەن کە (پیا) ن ئەمە گرفتێکە لە زماندا چ زمانی ڕۆژانە و چ زمانی زانستی هەیە بە قسەی فوکۆ ئەمە زمانێکی نێرەمووکی (ژن و پیاوی) نییە بەڵکو پەیوەندی دەسەڵات و پێکهاتە کولتووری سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان لەسەر داناوە لە بەشەکانی دواییدا بابەتی زێتر لەم بارەوە دێت زیادکردن بەمە لە دایکبوونی تراژیدی بە یەکگرتن و کۆبوونەوەی دوو هێزی ئاپۆلۆنی و دیونیزۆس هەیە کە دەریخسێت (هەروەك لە دایکبوون و زان لەگەڵی دوانەیی ڕەگەزەکان) و نەبوونی یەکێ لەم دووانە یا سەرکەوتنی یەکیان بەسەر ئەویتریان بە تراژیدی کۆتایی دێت ئێمە ئەم سەرکەوتن و هەروەها مەرگی تراژیدیش بە دەرکەوتنی سوکرات و دوای ئەویش بە دەرکەوتنی مەسیحیەت دەبینین هەنووکە زیاتر دەچینە سەر ئەم دوو سەرچاوە جیاوازەی هونەرو ئەم دوو خودا کۆنە.

**ئاپۆلۆن و دیونیزۆس**

نیچە لە کتێبی لە دایکبوونی تراژیدی لە ڕۆحی موسیقی بە ئیلهام وەرگرتن لەم دوو پەیکەرە ئیلاهییە کۆنە واتە ئاپۆلۆن و دیونیزۆس دوو جۆرە کولتوور لێك دەناسێنێ و

سوكرات بە بنەمای ئەم پۆلێنبەندیە دادەنێت كولتووری بەر لە سوكراتی واتە هەمان كولتووری هێلێنی یۆنانییە سەرەتاییەكان و كولتووری دوای سوكراتەكە هەتاوەكو كولتووری (مودێرن)ی ئەورۆیی ئێمە دەگرێتەوە نیچە پێداهەڵدەری كولتووری پێش لە سوكراتە و كولتووری دوای ئەو بە توندی دەخاتە بەر رەخنە و سەركۆنەكردنەوە، نیچە دەركەوتە و دیمەنی كولتوورو شارستانیەتی پێشوو بە (دیونیزۆس) و دەركەوتە و دیمەنی كولتوور و شارستانی دواتر بە ئاپۆلۆن دادەنێ هەنووكە دەبێت ببینین كە بە ڕاستی ئەم دوو وشەیە واتە ئاپۆلۆنی و دیونیزۆس مانایان چییە كە سەرتاسەری فەلسەفەی نیچە بە یارمەتی ئەم دووانەوە باشتر دەتوانین تێبگەین.

ئاپۆلۆن خودای وەهم و خەیاڵەكان نوێنەری ڕێرەوی عەقلانی و دیسپلینی لوجێكی و شارستانیە، خودای ئاشتی و ئارامی و جوانی پەرستی كە تیایدا هەموو شتێك خاوەن ئەندازە و شێوەیە پێگەیشتوویی ئەو و بینایە و هونەرەكەی پێشاندەری عالەمی مانا و مەبەست و قەڵەمڕەوی ڕووخسارە دیارەكان، ڕووناكی، ڕەنگ و خەیاڵە، لەم ڕووەوە عالەمی ئاپۆلۆنی دنیایەكە ژنانە، دنیایەكی خەیاڵاویانە و جوانی دەروونی خەیاڵ، ئەو خودای پەیكەرتاشی و وێنەكێشانە و وێنەیەكە لە بنەڕەتی تاك گەرایی نیچە پێناسەی خۆی بۆ ئاپۆلۆن بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: "وشەی ئاپۆلۆنی بەو مانایە دێت تەواو، بە تاكی ناسراو، بە هەر ئەو شتەی كە سادە دەكاتەوە خاوێن دەدات بەهێز، ڕووناك، ڕوون و ئاشكرا بەرهەڤ دەكات ئازادی لەژێر سێبەری یاسادا".

دیونیزۆس خودای سەرمەستی و بەختەوەری، خودای خۆشی و زەوق و غەریزەی نایاب، ئەو خودای سەما و ئاواز، موزیك، درام و تراژیدیە، پێشوازیكەری ڕەنج و مەترسی و خودای وەحدەتی ئەزەلییە لەگەڵ سرووشت و خاڵی بەرامبەری تاكایەتییە (تاك گەراییە) ئەو پاڵنەری جۆری مرۆڤە بە ڕزگاركردنی خود لە تاكایەتی و كەسایەتی مرۆیی و ئەو لە هێزی یەكانگیری ژیان غەریزە و شەهوەتە، بلیمەتی ئەو موسیقایی و جوڵانەوەیە، عالەمی دیونیزۆس دنیایەكی پیاوانەیە، نیچە خۆی دیونیزۆس بەم شێوەیە پێناسە دەكات: وشەی دیونیزۆس بە مانای دەرچوون لە یەكگرتن، ئارەزوو بۆ ئەوپەری كەسایەتی ڕۆژانەیی كۆمەڵگا ڕاستی لەنێو گەردەلوولدا بە لەرزۆكی لێوڕێژی پڕ لە ناخۆشی و دەرد و ڕەنج بۆ دەروونی شێوەی ڕەشك تر پرنز و دڵنیاییەكی گشت تایبەتمەندی ژیان هەروەك شتێك كە هەر خۆی دەمێنێتەوە ڕێك بە هەمان ئەندازەی بە هێزی، ڕێك بە هەمان ئەندازەی بەختەوەری، لە ماوەی هەر گۆڕانێك دابەشكردنی گەورەی وەحدەتی وجوودی شادی و غەم كە تەنانەت ترسناكترین و قەبووڵكردنی بێ

ئەملاو ئەولای چۆنیەکانی ژیان بە باشە دادەنێت ئیدارەی جاویدانی بۆ منداڵ خستنەوە، بۆ زگپڕی، بۆ گەرانەوە هەستی یەکانگیری پێویستی بەرهەڤگردن و وێرانی.

نیچە لە لە دایکبوونی تراژیدیا زۆر کاریگەرە بە شۆپنهاوەر و کتێبەکەی واتە جیهان هەروەك ئیرادە و وێناکردن دانانی جیهان وەك ئیرادە و وێناکردن لە ڕوانگەی شۆپنهاوەر، سەرچاوەی هزری نیچە لە زانینی دیونیزۆس هەروەها دەرکەوتە و ڕووخساری ئیرادە و ئاپۆلۆن هەروەك ڕووخسار و بەرچاو هێزی بەرامبەریەتی نێوان مەیلی دیونیزۆسی و ئاپۆلۆن و لە دایکبوونی تراژیدی، بەرامبەری شۆپنهاوەر یەکە لەنێوان ئێرادە و وێناکردن دایە هەرچەندە کە نیچە لەم کتێبەدا پێشان دەدات کە سەربەخۆیە و لە شۆپنهاور.

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا نیچە دوو کولتوور لە بەرامبەر یەکتر دادەنێت کولتووری دیونیزۆس و کولتووری ئاپۆلۆنی، کولتووری دیونیزۆس هەمان ئەو کولتوورەیە کە پشت ئەستورە بە ڕەشبینی بە هێزانە و کولتووری بەهێزو چستوو و چالاکە واتە هەمان ئەو تایبەتمەندیەی کە کولتووری مودێرنی ئێمە پێکهاتووە لە توخمەکانی ئاپۆلۆنی و سوکراتی لێی بێبەرییە.

نیچە هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مەسیحیەت ئەم ڕاکردنی ژیانەیە لە ترس و بەدبەختی کە ئێمەی کردوە. خۆی یەکێکی دیکەیە لە توخمەکانی ئاپۆلۆنی و سوکراتی لەگەڵ مەسیحیەتدایە کە شۆڕشی ئەخلاقی کۆیلەکان دەست پێدەکات و خواستە خواریین و سەرووییەکانیان بە بەهاوشکۆمەندی دەناسێنرێن کەواتە لێرەدا دیونیزۆس کە هەتاوەکوو هەنووکە لە بەرامبەر ئاپۆلۆن بوو، هەنووکە ئیتر لە بەرامبەر مەسیحی لە خاچدراودا ئەوەلێتیت دوژمنەکان بە ئاشکرایی ناسێنراون سوکرات و ئەفلاتوون و مەسیحیەت نەك خودی مەسیح.

نیچە لەو باوەڕەدایە کە گەورەیی و شکۆمەندی هونەری تراژیدی یۆنانی بە سەرکەوتنی ئاپۆلۆنی بەسەر دیونیزۆس کۆتایی و لە ڕاستیدا مەرگی تراژیدی دەستی پێکرد لەبەر ئەوەی کە لە دایك بوونی تراژیدی و کرداری تراژیك جگە لەگەڵ ئاشکرا لە نێوان عالەمی ئاپۆلۆنی و عالەمی دیونیزۆس هەموار نیە ڕاستە کە گۆڕانی هونەر لەگەڵ دوانە دیدی ئاپۆلۆن گەرایی و دیونیزۆس گەرایی پەیوەستە هەروەها کە لە دایك بوون لەگەڵ دوانەیی جنسەکاندا، بەڵام ئەم دوو غەریزە جیاوازە و ئەم دوو عالەمە بەرامبەریەکییە لە شەڕێکی ئاشکرا بەرامبەر یەکدا بەسەر دەبەن.

"تا لە ئەنجامدا بەهۆی موعجیزەی بان سرووشتی سەرچاوەگرتوو لە (ئیرادەی) یۆنانی یەکگرتوو دەرکەون و لەم یەکیەتییەدا، دواجار شێوەیەك لە هونەر، واتە تراژیدیای ئاتێنی بەرهەڤ بکات کە بە هەمان ئەندازەی ئاپۆلۆنی و دیۆنیزۆسییە".

هەنووکە دەبێت ببینین کە بۆچی ئاپۆلۆن سەرکەوت بەسەر دیۆنیزۆسدا و بەم شێوەیە کۆتایی هێنا بە تراژیدیا؟ هەر بەو جۆرەی کە نیچە خۆی دەڵێت ئەمە پرسیارێك بوو مێشك و بیری ئەوی داگیرکردبوو:

لە بەرامبەردانانی دیۆنیزۆسی و ئاپۆلۆنی لە دەروونی گیانی یونانی، یەکێ لە مەتەڵە گەورەکانە کە هەستم کرد کێشراومەتە ناوی، هەر لەو کاتەوەی کە سرووشتی یۆنانییەکانم خستە ژێر سەرنجەوە. لە بنەڕەتدا، لە ئەندێشەی هیچ شتێك جگە لەمە نەبووم کە گریمانەی ئەوە لێبدەم بۆچی ئاپۆلۆن - باوەڕی یۆنانی دەبوایە لە ژێرزەوینی دیۆنیزۆسییەوە سەر دەرهێنێت، بۆچی یۆنانی دیۆنیزۆسی پێویستی بەوە هەبوو کە ببێتە ئاپۆلۆنی؟ واتە ئارەزوو و مەیلەکانی خۆی بۆ کاری ترسناك، چەند ڕەهەندی، نادیار و مەترسیدار بگۆڕێت بە مەیل و ئارەزوو بە ئەندازە و لەبار، سادەیی و جێبەجێکەر لە چوارچێوە و مانا.

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، تراژیدی کۆی هونەری ئاپۆلۆنی و دیۆنیزۆسییە و سەرەرای ئەمەش لە تراژیدیادا پێویست بە هەردووی ئەم دوو هونەرە هەیە. خودی ئەم دوو دنیای ئاپۆلۆنی و دیۆنیزۆسییەش، خۆیان پێویستیان بە یەکتری هەیە. دنیای ئاپۆلۆنی پێویستی بە دنیای دیۆنیزۆسی هەیە تا بە یارمەتی وەهم و خەیاڵ و خەونەکانی خۆیەوە زاڵ بێت بەسەر ترس و پانتایی دنیای دیۆنیزۆسی و پیشان بدات کە بە یارمەتی قەڵەمڕەوی جوانی ئاپۆلۆنی دەتوانرێت کۆتایی بە ڕەنج و ئازاری مرۆیی بهێنرێت. دنیای دیۆنیزۆسیش پێویستی بە دنیای ئاپۆلۆنی هەیە تا دژایەتییە دەروونییەکانی خۆی وەها لێبکات کە تەحەمولیان بکات، چونکە ڕزگاربوون لە کۆتی ڕەنج و عەزابەکانی خودای دیۆنیزۆس، تەنها بە یارمەتی ئاپۆلۆن دێتەدی.

دیۆنیزۆس دەخوازێت بە سەر غەمی خۆی بە وێرانکردنی دنیای ئاپۆلۆنی زاڵ بێت و بەم وێرانکردنە بگاتە بەختەوەری و شادمانی و ئەم دوو هونەرانە، خاوەن بەهای یەکسانن.

دەرکەوتنی سوکرات و سوکراتگەرایی بووە هۆی مەرگی تراژیدیا، چونکە هاوسەنگی و کۆی ئەو دوو هونەرەی لە نێو برد و هزری وشك و نیشتووی زانستی خستە جێگاکەیەوە. نهێنی هزری زانستی و سەرچاوەکەی دەبێت لە بیرۆکەی ئەفلاتوون و پەندی سوکراتییدا بۆی بگەڕێن. وەهمی زانست ئەوەیە کە دەتوانێت جیهان وەك خۆیمان

پێ بناسێنێت و یا بیگۆڕێت. لە ڕاستیدا دەتوانرێ بوترێت کە زانست لایەنی خەیاڵاوی پڕ لە ڕاز و نهێنی جیهان ـ واتە لایەنی ئاپۆلۆنییەکەی و هەروەها لایەنی ئیرادە، دەسەڵات و هێزی جیهان ـ واتە لایەنە دیۆنیزۆسییەکەی لە نێو بەرێت و بەم شێوەیە کۆتایی بە تراژیدی بهێنێت.

## سوکراتگەرایی

نیچە لە کتێبی (لەدایکبوونی تراژیایدی لە ڕوحی مۆسیقی)یەوە، بۆ یەکەمجار سوکرات بە ئامرازی پەستی و هەڵوەشانەوەی یۆنان ناساند و دوای ئەو ئەخلاقیشی بە نیشانەیەك لە بۆگەنیبوون و خراپی وەبەرچاو گرت. ئەو سەرەڕای ئەخلاق، لە مەسیحییەت، فەلسەفی ئەفلاتوون، فەلسەفەی شۆپنهاوەر و گشت ئیدەئالیزمەکان، وەك نیشانەی ئەم بۆگەنی و خراپییەی لەقەڵەم دان. پەستییەك کە بەهۆی سوکراتگەرایی ئەخلاق، دیالێکتیك و میانڕەوی دروست بوو کە هەموویان نیشانەی ماندووبوون و نەخۆشی و پەرشوبڵاوی پڕ لە هەرج و مەرجی پاڵنەرەکانەوەیە. (ئاوەز) دژی (پاڵنەر)، هەروەك هۆکارێك بۆ وێرانکردنی ژیان ڕەفتاری کرد، سوکرات (عەقڵ)ی گۆڕی بە ملهۆڕی تا پاڵنەرەکان و خودئاگاییەك کە بە هۆکاری نەخۆشی و بەرەو خراپەبردنی دەزانی ـ بکاتە کۆیلەی خۆی. سوکرات خۆی بە پزیشکێك دەزانی کە ئامادە بوو تا مرۆڤە نەخۆشەکان لە بگرەوبەردەی غەریزە و پاڵنەرەکان چاك بکاتەوە، لە حاڵێکدا بێئاگا بوو لەوەی کە دژایەتیکردنی غەریزەکان نە شەفابەخش دەبێت و نە بەختەوەرکەر و ئاوەزداریەتی و زانایی لەم مانایەدا، خۆی جگە لە نەخۆشییەك، شتێکی دیکە نەبوو:

"...ئاوەزداریەتی بە هەر بەهایەك، دەرەوشاوە هەروەك ژیان، سەرد، دەرەنگ کار، وشیار، بێ غەریزە، لە دژایەتی لەگەڵ پاڵنەرەکانی، خۆی شتێك نییە جگە لە جۆرێك نەخۆشی و بە هیچ شێوەیەك گەڕانەوە نییە بۆ (شکۆمەندی) و (ساغڵەمی) و (بەختباشی).. لە ڕووی ناچارییەوە شەڕکردن لەگەڵ پاڵنەرەکانی خود ـ ئەمەیە دەستووری ملهوڕی و لادان: تا سەردەمێك کە ژیان دەگاتە باڵا، بەختباشی و غەریزە یەکشتن".

سوکرات، ئەفلاتوون و فەیلەسووفەکانی دوای ئەو، هەرکامەیان بە دیدێکی گومان و بە کەمزانینەوە، سەیری ژیانیان دەکرد و ژیانیان جگە لە ڕەنج و غەم بە هیچ شتێکی دیکە نەدەزانی، کارێکیان نەدەکرد جگە لە ماندووبوون لێی و دژایەتکردنی. سوکرات دەیهەویست دادوەری بەهاداریەتی ژیان بکات، بەڵام بە بڕوای نیچە، ژیان بەهایەکی لەجێ و عادیلانەی هەبوو و دادوەریکردن بۆ بەهاکانی، نەك هەر بەرەنجامێکی نابێت،

خۆی نیشانەی گەمژەییشە: "ئەگەر فەیلەسووفێك بەم شێوەیە کێشەیەك لە بەهاداریەتی ژیان ببینێت، خۆی ڕەخنە و ئیرادەیەکە لە خۆی، واتە گومانێك لە ئاوەزداریەتی خۆی، نیشانەیەك لە بێ ئاوەزیەتی..."

نیچە غەریزە بە هێزی سەلماندنی و بەرهەمکەر و وشیاری بەهێزی ڕەخنەگر و نەرێنی دەزانێت، لە حاڵێکدا کە "لە لای سوکرات غەریزە دەبێتە ڕەخنەگەر و وشیاری دەبێتە بەرهەمکەر و ئەمەش لە لایەنی نایابییەوە جۆرێك لە سەرسوڕمانی و ناتەبایی حەقیقەتە...".

نیچە، غەریزە بە هێزێکی سەلمێنەر و ئەفرێنەر و هەندێکجاریش بە هێزێکی ڕەخنەگر و نەرێنی دادەنێت، لە حاڵێکدا کە "لای سوکرات غەریزە ڕەخنەگر و هۆشیاری ئەفرێنەر دەبێت و ئەمەش لە ڕووی نایابییەوە، جۆرێك لە سەیروسەمەرەیی و نابەجێی حەقیقیە..."

عەقڵگەرایی لەگەڵ سوکرات، بەیانێکی تازەی بەخۆیەوە گرت. ڕێگایەك کە سوکرات بۆ هەڵسەنگاندن و داوەری ژیان گرتبوویە بەر و فێری خەڵکی دەکرد، (دیالێکتیك) بوو. بەر لە سوکرات ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی لۆمەکەر بوو ـ بە تایبەت لە ناوەند و کۆڕە ئەشرافییەکانی یۆنان ـ چونکە بە بڕوای ئەوان، پیاوانی درووست و پیاوانی گەورە (هۆکار ناهێننەوە، بەڵکو بڕیار دەدەن). بە زیادکردنی ئەمە، کە سوودوەرگرتن لە دیالێکتیك ڕێگای مرۆڤە لاواز و عەوامەکانە کە ئیتر ڕێگاو چارەیەکیان بۆ نەماوەتەوە. کەواتە سوکرات زیاتر لە هەر شتێك بە پەروەردەی دیالێکتیك (زەوقی شەریفتری شکست دا و (عەوام)ی کردە جێگرەوەی. نیچە دیالێکتیکی سوکرات بەجۆرێك لە ڕەقاویەت دەزانێت کە پێشاندەری ڕەنجدیتوویی و تووڕەییە کە سوکرات لە ئەشرافییەکان هەیەتی، کە ئەوانی کردبووە دڵدۆڕاو و دڵرفێنی خۆی. دەزانم کە سوکرات لە چینی خوارووی کۆمەڵگا و لە عەوامەکان بوو و (گاڵتەجاڕی سوکرات)یش شاهیدی نوێنەرایەتی تاوانی ئەوە".

سوکرات کەسێکی خۆشبینە، چونکە تەنها باوەڕی بە کاری چاکە و لێکۆڵینەوەی ئەو کارە هەیە، بەڵام نیچە لەسەر ئەو باوەڕەیەکە ناسینی باشە، ناسینی خراپەشە و خۆشبینی سوکراتییەکە بە لەتبوونی غەریزەکان کۆتایی دێت: "لەگەڵ سوکراتدا ئەو خۆشبینەی کە ئیتر هیچ شتێکی هونەرمەندانە ناگرێتە خۆی، ئامانجناسی و باوەڕ بەخۆدای باشە، باوەڕ بە مرۆڤی باشە، چونکە دەزانێت کە لەتبوونی غەریزەکان دەست پێدەکات". و ئەم سێ فۆڕمە بنەماییەی خۆشبەختی کە لە قسە حەکیمانەکانی سوکراتدا گونجێندراون کە:

(شكۆمەندی و داناییە، تەنها لە نەزانییەوە كە مرۆڤ گوناە دەكات و مرۆڤ بەشكۆمەندی و گەورەیی خۆشبەخت دەبێت، هەر ئەوەیە مەرگی تراژیدی)". چونكە ئەم یەكسانییەی سوكرات، واتە: ئاوەز= مەزنی= بەختەوەری، بەو مانایە كە: "مرۆڤ ئەبێت لاسایی سوكرات بكاتەوە و بە دروستكردنی ڕۆژی هەمیشەیی ـ واتە خۆری ئاوەز، لەگەڵ مەیل و خواستە تاریكەكان بجەنگێت. مرۆڤ ئەبێت دووربین، ڕوون و درەشاوە بێت بە هەر بەهایەك: هەر جۆرە تەسلیمبوونێك لە بەرامبەر غەریزەكاندا، لە بەرامبەر ناوشیاری خود، مرۆڤ بەرەو خراپی دەكێشێت..".

نیچە بە پێچەوانەوە، خوازیاری فەلسەفەیەك بوو كە بەهۆی تراژیدینووسانی یونانی پێكهات، فەلسەفەیەك كە نابێتە شەریك لە دڵنیایی خۆشبینانەی سوكرات كە زانین، مەزنی و بەختەوەری بە جیانەبووەوە دادەنا و خۆی نەدەكردە قوربانی لێكدانەوە لۆجیكییەكانی ئەو، واتە هەمان فەلسەفەیەك كە خۆی وەك وێنا و سەرچاوەی هونەر بەكاردەبرد. بەم شێوەیە سوكرات كە خۆی پێشاندەرێكی ئاپۆلۆنگەراییە، بە بەرامبەركەیدا سەردەكەوێت كە دیۆنیزۆس (دیالێكتیك)ە و كۆتایی دەهێنێت بە تراژیدی و بەم شێوەیە كە دنیای ئاپۆلۆنی لەژێر زەوینی دیۆنیزۆسی سەر وەدەردێنێت: "دیالێكتیكی خۆشبینانە، بە قامچی پێوانەكانی خۆی، موزیك لەنێو تراژیدیا وەدەردەنێت، واتە جەوهەر و كرۆكی تراژیدی وێران دەكات و ئەم جەوهەرە وەدەست ناكەوێت، مەگەر ئەوەیكە پێشاندەرو دووبارە وێناكەرەوەی ڕووخسار بێت لە حاڵەتی دیۆنیزۆسی و وێناكردنی دیار بێت لە موزیك واتە جیهانێكی خەیاڵی كە لە سەرمەستی دیۆنیزۆسدا سەر وەدەردێنێ".

بەم شێوەیە (زانست) بووە جێگرەوەی (هونەر) و (ئاوەز)یش جێنشینی (غەریزە).